# پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە حەجی ماڵئاواییدا تەوافی کرد (بە دەوری کەعبەدا) بە سواری وشترێکەوە، دەستلێدانی لە ڕوکن بەهۆی گۆچانێکەوە بوو

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە حەجی ماڵئاواییدا تەوافی کرد (بە دەوری کەعبەدا) بە سواری وشترێکەوە، دەستلێدانی لە ڕوکن (گۆشە) بەهۆی گۆچانێکەوە بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- تەوافی کرد بە دەوری کەعبەدا لە حەجی ماڵئاوایی وخەڵکی بە دەوروپشتیدا کۆبونەوە: هەندێکیان دەیانویست بزانن چۆن تەواف دەکات، وهەندێکی تر دەیانویست سەیری بکەن؛ بۆیە قەرەباڵەغییەک دروست بوو، وچونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە بەزەیی وداپەروەرە لەسەر پشتی وشترەکەی تەوافی دەکرد بۆ ئەوەی خەڵکی هەمووی ببینن، وگۆچانێکی پێبوو کە لوتکەکەی چەماوە بوو، ودەستلێدانی لە ڕوکن -گۆشە- (مەبەست بەردە ڕەشەکەیە کە لە گۆشەی -ڕوکنی ڕۆژهەڵاتی کەعبەدایە-) بەهۆی ئەم گۆچانەوە بوو (واتا: ڕاستەوخۆ دەستی بەر بەردە ڕەشەکە نەدەکەوت بەڵکو تەنها گۆچانەکەی لێدەدا)، وپاشان ماچی گۆچانەکەی دەکرد هەروەکو لە گێرانەوەی (مسلم)دا هاتووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3025